# ((كوشتارگای ئاژەڵ .... كوشتارگای مرۆڤ))

**" شێرزاد حەسەن "**

**كە منداڵ بووم بەچاوانی خۆم دەمدی كە چۆن چۆنی هاوڕێ زیتەڵەكانم ئازاری سەگ و پشیلە و كەرە بەرەڵڵاو پشت زامارەكانیان دەدا . من لە گەرەكە زۆر هەژار نشینەكانی (هەولێر) ژیاوم كە ئەوانیش (گڵكەند) و (كوران) بوون كە بە ((گەرەكە میلییەكان)) یان ((خانووە قوڕەكان)) ناوزەد دەكران. لەو گەرەكانەدا منالآن، بە كوڕ و بەكچەوە، هەمیشە ئازار دەدرێن، لەلایەن گەورەكانەوە( باوك – دایك – برا – خاڵ – مام – پوور .... خزم و دراوسێی دیكەوە)) رووشێكن و سەرشكێنن و ڕۆح شكێن و دل شكێن دەكرێن.خێزانە هەژارەكان بە حوكمی گرفت و كێشەی زۆری ئابووری و كۆمەڵایەتی هەر لە سپێدەوە تا شەو خەوتنان دەنێو هەراو هۆریا وزاق و زریق و ئاژاوەدا دەژین، هیلاك و مەینەتباران، لە سەد لاوە خەم و قەهر وەك تەوقی عەزازایل لە ملیان دەئاڵێ، هەمیشە تووڕەو داخدارن، لەسەر پێن بۆ شەڕوپێكدادان و گریەوزار، لەو جۆرە خێزانانەدا باوك دایكە دەچەوسێنێتەوە و دایكەش منداڵەكانی، ئەوانیش بە خوشك و براوە یەكدی دەچەوسێننەوە.**

**ناكرێت بڵێین ئەو جۆرە خێزانانە لە سۆز و خۆشەویستی و میهر بێ بەرین، بەڵام پانتایی شەڕو گێچەڵ و ئاژاوە ئەوەندە گەورەیە كە بواری دەربڕینی خۆشەویستی و سۆز یەكجار بەرتەسك دەبێتەوە؛ هەر بۆیە من هەنووكە ئاوڕ لەو ڕۆژە بەسەچووانەی منداڵی دەدەمەوە چاك تێدەگەم لەبەرچی منداڵەكان ئەوەندە دڵرەق بوون و دەرهەق بە كەر و سەگە بەرەڵڵاكان، بەرامبەر بە توولەو تاژییەكان، لەگەڵ چۆلەكەو كوكختی و كۆتر و كەروێشك و مریشك و جوجەڵە و قاز و مراوییەكان، بەڵام لەبەر ئەوەی فڕندەكان كەمتر دەكەونە دەست منداڵەكان، ئازاردانی حەیوانەكان گەلێ سووك و ئاسانتر بوو، هەتا دوای باڵق بوونیش ئەو دڵرەقییە لە بەرامبەر ئاژەڵ و پەلەوەردا هەر مابۆوە .... كار گەیشتە ئەوەی ژمارەیەكی زۆر لە هاوڕێكانم بۆ خۆ رەحەت كردن دەچوونە گژ ماكەر و هێسترەكان .**

**ئەوانەی لە گەرەكە میللییەكان ژیاون دەزانن چ دەڵێم، هەمووتان دیوتانە: منالێك بە گوێزانێكی كول چۆلەكەیەك سەردەبڕێ، یان ملی هەڵدەكەنی لەدوای ئەوەی بە دارلاستیك زامداری كردووە، چەند منالێكی دیكە پشیلەیەكی لەڕو برسی و قاچ شكاو پەتك دەكەن، چەن منالێكی دیكە پەت و گوریس دەخەنە ملی سەگ وكەرە بەرەڵڵاكان و لە كەلاوەیەكدا بەندیان دەكەن، هەمووتان دیوتانە كەمناڵە هارەكانی ئەو گەرەكانە چۆن چۆنی سەرگەرمی شەڕەگەڕەك دەبن و بە قۆچەقانی (بەردەقانی) سەری یەكدی دەشكێنن .**

**من دیومە: بە سێ چوار كەس سواری گوێدرێژێكی پشت زامدار دەبوون كە خەریك بووە لەژێر قورسایی ئەواندا چوارپەلی بشكێن، جاری وا هەبووە بە شیشی ئاسنی داغكراوەو گڕاوی كەر و سەگ و پشیلەیان**

داغ کـردووه ... مـن جۆرەهـا کوشـتنی سـەگ و پـشیله و کەروێـشك و کـۆتر و کـەو و چـۆلەکەم دیـوه ... جۆرەها قاچ شکاندن و باڵ شکاندن .
سەیرە .. زۆر جاران لەگـەڵ هاوڕێکانم بەشـەڕ دەهاتم .. هەسـتم دەکـرد کـه ئـەوەیان کـارێکی خەراپـەو هەمیشە بە خەیاڵی منداڵێکی زەبوون و بەستەزمان و ترسنۆك و شەرمن خۆم دەخـستە شـوێنی سـەگ و پشیله و چۆلەکەکان، هەستم دەکرد کە ئەو ئازار و ئەشکەنجەو ستەمە قورسه و کەس بەرگەی ناگرێ .
من دیومـه چـاوی سـەگ و پـشیلەیان کـوێر کـردووه ... مـن دیومـه کـه لـەپی پـشیله و سـەگ و کەفـەڵی کەریان بە شیـشی گـڕاوی داغ کـردووه ... داری درێـژیان لـه پاشـەڵی ماکـەر ئاخـانیوه .. هەنـدێ حاڵـەتی دیکەم دیـوه کـه نـاتوانم لێیـان بـدوێم، چـونکه یـان لـێم وەڕس دەبـن .. یـان ئـەوەتا بـڕوام پـێ ناکـەن .. چونکە ئەوسا پێتان سەیر دەبێ کە لەسەر ئەم زەوییە مناڵانی وا دڵڕەق هەبووبن . دڵڕەقییەك کە دیارە لەو کەلتوورەوە هاتووە، کەلتوورێك کە کار لەسەر توندوتیژی دەکات ، کـەلتوورێك کـه تیایـدا گـەورەکان لەخۆیان بچوکتر دەچەوسێننەوە، هەر تەنها لەبەر ئەوەی هـەموو هێـزی مـادی و مەعنـەوی لای خۆیانـه ژن و مناڵ و هەژارەکان دەڕەتێنن . ئەو کەلتووره پەروەردەیەکی دروستی تێدا نییە: پـەروەردەی ئـەوەی کە وامان لێ بکات ڕێز لە ئاژەڵ و فڕندەکان بگرین، کەلتورێکە هەمیشە بوونەوەر بێ دەسەڵات، چ مـرۆڤ بێ و چ حەیوان لەبەردەمی هەرەشە و گوڕەشەو مەترسـیدایە، کەلتوورێکـه هەریەکـه و بەشـێوەی خـۆی ڕق و کینەی خۆی بەوی دیکە دەڕێژێت، لەلای من قسەیەکی وا ترسناکە کە بڕوای وایه هـەموو ئـاژەڵ و فڕندەیەك چەقۆی لەسەرە، هەر ئەو بڕوایە وا دەکات بڵێیت: (( مرۆڤ کوشتنی لەسەرە ))

دەکرێت ئەو بڕوایە بە بڕ و بیانووی پڕو پوچیـشەوە پینـه بکرێـت، هـیچ ئایدۆلۆژیایـەك جێگـەی ڕێـز نییە بیانوو بۆ کوشتنی ئادەمیزاد بێنێتەوە .

من ژمارەیەك لەو هاوڕێیانەی سەردەمی منـداڵی دەناسمـەوه کـه هەنووکـه بـه بـێ ڕەختـەو فیـشکەدان و چەك ناژین، وەك چۆن ئەوسا ئامادەی شەڕە گەرەك بوون، هەنووکەش بۆ هەر شـەڕێك تـەییار و لەسـەر پێن، وەك چۆن جاران پێی ئاسـایی بـوو سـەگ و کـەر و پـشیله بـەڕەڵاکان لەکەلاوەیەکـدا بەنـد بکـات و ئازاریان بدات : هەنووکە لەبری کەلاوە زیندان و ژێر زەمینی خۆی هەیە و لەبری سـەگ و پـشیلە مـرۆڤ بەند دەکاو ئازاری دەدا ... دیارە بەبڕوبیانوی جیاجیاوە .

وتوویانـه گـەر مرۆڤێـك پڵنگێکی کوشـت .. پێـی دەڵـێن : چـەندە ئازایـه، بـەڵام گـەر هـات و پڵنگێـك مرۆڤێکی کوشت .. ئەوە پێی دەڵێن چ دڕەندەیە ... !

لەوە دەچێ وشەی (دڕندە) لە هەڵدرین و دڕاندنەوە هاتبێ، کەواتە چ مرۆڤ و چ پڵنگێك ، ئەو وەختەی ناوسکی یەکدی هەڵدەدرن ، هەردوو هەر دڕندەن، مرۆڤ هەر لە قۆناغی ئەشکەوتەکانەوە ڕاوچی بووە ، هەنووکەش هەر ڕاوچییە، لەکۆنەوە مرۆڤ گەلێك جۆر فڕندە و ئاژەڵی ڕاو کردووە، هەنووکە لە جاران پتر و بە تەکنیکی تازەوە هەم فڕندە و هەم ئاژەڵ و هەم مرۆڤیش ڕاو دەکات، لەسەردەمانێکی یەکجار زوودا زۆر جاران لەبەرامبەر دڕندەکاندا بەزیوە و بۆتە ژەمە خۆراکێکی ئەو جانەوەرانە ... بەڵام لەپاش پەیدابوونی جۆرەها چەك و فڕوفێڵی تەڵەو فاقەو ئامێری ڕاو مرۆڤ توانی بەتەواوی گرەو لە دڕندە بباتەوە .

دەکرێ مرۆڤ لەگەڵ دڕندەدا ئاشت بێتەوە ؟ ئا .. دەکرێ .. ((نیکۆس کازانتزاکی )) لەدارستانێکدا ڕێ دەکاو کت و پڕ پڵنگێك دەبینێ، ئەوەندە ئارامە و ئیقاعی لەگەڵ سروشتدا ڕێکە کە وای لێ دێ باوەش بۆ ئەو پڵنگە بکاتەوەو پێی بڵێ (( ئاوەرە براکەم ... با لەباوەشت بگرم))

ڕۆماننووسی قەرغیزی ((جەنگیز ئیتماتۆڤ)) بڕوای وایە کە مادامەکێ ئاژەڵ و مەل و باقی گیانلەبەرەکان لەبەردەمی هێرشی مرۆڤدان ... بوونی خودی مرۆڤ لەبەردەم هەمان هەڕەشەدایە، لە ڕۆمانەکانی ئەم دواییەیدا نووسەر بەئاشکرا باسی لەناوچوونی مرۆڤ دەکات، چونکە مرۆڤ واز لە کوشتن وسەربڕینی یان قڕکردنی گیانلەبەرەکان ناهێنێ .

بوودایيەکان و هەندێ مەزهەبی هندۆسی بڕوایان وایە کە مرۆڤ بۆی نی یە چکۆلەترین زیندەوەر بکوژێت .. (غاندی) خۆی یەکێك بوو لەوانە و هەر بە زەبری ڕەتکردنەوەی توند و تیژی توانی کۆلۆنیالی بریتانی لە هیند دەربکات .

بۆ خۆم ڕێزێکی زۆر لەو کەلتووره دەگرم کە بڕوای بە کوشتنی ئاسك و کەو و کۆتر نی یە .

ئەمڕۆکە لەزۆر وڵاتی دونیادا، لەڕۆژهەڵاتەوە تاوەکو ڕۆژئاوا ،بەتایبەتی لە ئەوروپا، دەنگی ماف پەروەرانی ئاژەڵان و مەلان بەرز بۆتەوە ، بە هەزاران کەس وایان لێهاتووە بانگەشەی ئەوە بکەن کە مرۆڤ بۆی نییە بەناوی گۆشت خواردنەوە یان خۆشی ڕاووشکار ... یان بۆ تاقیکردنەوە زانستییەکانی ناو تاقیگاکان زیان بە ئاژەڵەکان و فڕندەکان بگەیێنێت، دەپرسن: بە چ هەقێك مەیموون و کەروێشك و بگرە مشك دەخەیتە بەر دەستی خۆت و سك و مێشکیان هەڵدەدرێ و تاقیکردنەوەیان لەسەر دەکەیت ؟ هاوارەکانی (( بریجیت باردۆ)) ژنە ئەکتەری فەرەنسی لەمەڕ مافی ئاژەڵان ڕوون و ئاشکرایە، هەر لە سۆنگەی ئەوەدایە کە بە هەزاران کەس بوون بە ڕووەکی ، واتە بوون بە ((ڕووەك خۆر)) هەرچی لە حەیوانەوە بێت ( لە گۆشتەوە تا شیرەکەی) دەمی بۆ نابەن .

هەر لە سۆنگەی ئەوەدایە هەندێ کەس هێرش دەکەنە سەر باخچەی ئاژەڵان و هەندێ لەو حەیوانەو مەلە دیلانە بەڕەڵڵا دەکەن . هەمووتان ئەو مەیموون و ورچە غەمبارانەی ناو (( باخچەی نەورۆز )) تان دیوە . چەندە قورس دەبوو گەر من و تۆ یەکێك لەو مەیمونە یان ورچانە بووینایە .

من  یەکەمجارم بوو لە هاوینی (1997) ببینم خانمێکی فنلەندی کە هاوسەری هاورێم ((ڕەهبەر جەلال )) ی جوانەمەرگ بوو کە سەد دەر سەد ڕووکی (نباتی) بێت... دیم هەرچی لە حەیوان بووایە نەیدەخوارد  ( ... لێم پرسی: (میریا) تۆ ڕووەکیت ؟

وتی: هەڵبەتە .

پرسیم چۆن گەشتیتە ئەو بڕوایەی گۆشت نەخۆی ؟

دەیەها هۆی ئینسانی و تەندروستی بۆ هێنامەوە کە هەر هەمووی ڕاست بوون ... دواجار شەرمەزاری کردم ووتی :

((تۆ بە چ هەقێك مەل و ماسی دەخۆیت ؟  تۆ ئادەمیت و هەم نووسەر ، ڕەهبەری هاوسەریشم گۆشت خۆرە ... بۆچی ئێوە بە هەقی خۆتانی دەزانن بژین و نەخورێن ؟... ئەوان تەنها لەبەرئەوەی کە دەسەڵاتیان نییە ڕاو دەکرێن و دەیانخۆن .))

لەراستیدا (میریا) خان ئەو هەقایەتەی بۆ گێرامەوە کە چۆن بە منداڵی مەلێکی خۆشەویستی دەمرێت و خەمێکی گەورە دایدەگرێت و هەر لە سۆنگەی ئەوەدا دڵی دەتۆرێت و ئیدی بە گوناهی دەزانێت نەك هەر خۆی بەتەنیا ؛ بەڵکو پێی ئەستەم دەبێت کەس و کارەکەشی گۆشتی مەل و ئاژەڵەکان بخۆن..!

هەقایەت و وەڵامەکەی بۆ من وانەیەکی ئەخلاقی بوو، هەستم کرد لە دیدگایەکی زۆر ئینسانییەوە قسان دەکاو ڕاستیشە . من و تۆ بۆیە مەل و ماسی دەخۆین چونکە لە منالییەوە بووە بە بەشیك لەو کەلتوورەی من و تۆی ڕاهێناوە و بە هەقی خۆمانی دەزانین ... بێ ئەوەی هەست بە گوناه بکەین ... هەر ئەوەش بوو وای دەکرد هاورێکانم قەناعەتێکیان وابێ هەقی خۆیانە ئازاری کەر و سەگ و پشیلە بدەن .

من دەزانم منالان زۆر بە قووڵی خولیای ئەوەن کە هەموو شتێك بزانن ... هەر بۆیە بەوان بێ بزانن ناوسکی بووکەشووشەکەی، ناو هەناوی ڕادیۆ ، تەلەفزیۆن یان ڕیکۆردەرەکە .. ناو هەناوی پشیلەیەك چی تێدایە، هەر بۆیە هەندێ جار بووکەشوشەکەی یان هەر ئامێرێکی گەمەی بەردەستی لەت و پەت دەکا تا بزانێ لەناوەوە چی شاراوە هەیە، دەکرێ منداڵ ڕۆحێکی سەیر و پڕ مەراقی هەبێ کە حەز لە تێکشاکاندن و هەڵکۆڵین و پەردە هەڵدانەوە بکات ، پەردە هەڵدانەوە لەسەر نهێنیەکان .. بۆیە هەندێ جار دڵرەقییەکی زۆر دەنوێنێ ، بەڵام لەهەندی کۆمەڵگای پێشکەوتوودا ئەم حاڵەت و مەیلە چاودێری دەکرێ و بەشێوەیەکی زانستیانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و تابێ ڕام دەکرێ لەسەر ئەوەی عاقڵانە لەبەردەم ئەو حاڵەت و مەیلەدا ڕەفتار بکات . لەهەندێ وڵاتدا ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سەدەها ئامێر و خەرەکەشکاو دەخرێنە بەردەمی منالان تا فزوڵیان تێر بێ و بەئارەزووی خۆیان لەت و پەتی بکەن، لەلای ئێمە منالان لەسەر ئەم خووە دارکاری دەکرێن، لەلای ئێمە هیچ منالێك نییە لەسەر ئەو مەراق و خووە لێی نەدرابێت ؛ هەتا کە لەسەر دیواری ماڵ وێنە دەکێشێت؛ سزا دەدرێت .. لەشوێنانی دیکەدا دیواری پان و بەرین بۆ ئەو مەبەستە هەن .

دەگەڕێمەوە سەر کوشتارگەری ئاژەڵان . لەلای هەندێ لەوانەی بڕوایان بە ((شیکاری دەروونی)) هەیە، وای بۆ دەچن کە پیاوی قەساب حەزی لە خوێن ڕشتنە، هەر بۆیە پیشەی قەسابی هەڵدەبژێرێ و مەڕ و بزن سەر دەبڕێ، هەرچەندە هەموومان دەزانین کە قەسابی پیشەیەو ئەویش هەر بۆ نان پەیداکردنە، مرۆڤی بۆکس وەشێن (ملاکم) حەز لە لێدان و کوتان دەکاو ڕۆحێکی شەڕانگێزی تێدایە، بەڵام لەبری ئەوەی لەسەر جادە دەست بوەشێنێت دێتە ناو دونیای وەرزش و دەبێ بە بۆکس وەشێن .. شیکاری لەو بابەتە زۆرن .

هاوڕێم ((هیوا قادر)) ی شاعیر چوو بووە کوشتارگەری سلێمانی و ئەو قەتل و عامەی ئاژەڵانی دیبوو، وێنەیەکی زۆریشی گرتبوو ، گەلێ پیاو و مێرد منداڵی دیبوو کە هەر لە سەعات (10) ە ی شەوەوە بەسەربڕینی گاو مانگا و گوێرەکەکان دەست پێدەکەن .. تا بەرەبەیان سەدەها مەڕ و بزن و حەیوانی دیکە سەردەبڕن . من و ئەو گفت و گۆمان لەسەر ئەوە کرد کە لە ڕۆژئاواش هەمان کوشتارگا بۆ بەراز و گاو مەڕ و بزن و جەیوانی دیکە هەن، بەڵام لەوێ دەرمان و دەرزی وا هەیە کە لەکاتی سەربڕیندا وای لێدەکەن هەست بەو ئازارە نەکات، دواجار هەر سەربڕینە، بەڵام مردنی بێ ئازار خۆشترە لە مردنی بەئازار . من گوێ بیستی ئەوە بووم کە قەسابەکانی شار سەرەتا بە تەوەر بەر دەبنە گیانی (گا) کان و مانگاکان تا دەکەون و ئەوسا سەریان دەبڕن . لەپاش زانینی ئەم حەقیقەتە هەستم کرد کە من گەورەترین بەدڕەوشتی سەر ئەم خاکەم، چونکە بێباکانە گۆشتی گایەك دەخۆم کە بە (تەور) کوژراوە...

تا ئەو ڕۆژەی بەیەکجاری بڕیاری ئەوە دەدەم کە گۆشت نەخۆم .. من خۆم بە ((دڕندە )) دەزانم ...

من لەمنداڵییەوە تا هەنووکە ئەو خەیاڵە خەراپەم هەیە کە بەردەوام وام لێدەکات لەخۆم بپرسم : گەر من لەجێی ئەو کۆترە کوژراوە ، ئەو مریشکە .. ئەو چۆلەکە .. مەڕە .. بزنە .. بەرخە سەربڕاوە بوومایە چیم دەکرد ؟ بێگومان ئەوانیش وەك و من و تۆ گۆشت و خوێنیان هەیە .. دەمار .. گوێ .. زمان .. چوارپەل .. هەموو شتێکیان لە من و تۆ دەچێ، بەدەم ئازارەوە هاواریش دەکەن و بگرە دەگرین .. تەنها شتێك کە پێیان ناکرێ ئەوەیە کە ناتوانن لەبەر دەستمان ڕابکەن و ناتوانن بڵێن :

((توو خوا سەرم مەبڕە ... ئازارم دەگاتێ )) من ژمارەیەك لە خەڵکی ئەم وڵاتەش دەناسم کە ناتوانن گۆشتی ئەو مەلە یان ئەو حەیوانە بخۆن کە لەبەرچاوی ئەواندا سەربڕابێت . با بیریشمان نەچێ .. هیچ مەل و ئاژەڵێك نییە هەست بە مەترسی مەرگ نەکات ئەو وەختەی چەقۆ لەملی نزیك دەبێتەوە، کۆتر و چۆلەکەی وڵاتانێك دێنە سەر لەپ و دان دەخۆن، هی ئێرە لەسەر درەختیش ئۆقرە ناگرن .. کەواتە شتێك هەیە کە ناوی ترسە .. ترس لە مەرگ و کوشتن .

بۆ من ناسینی هونەرمەندێکی شێوەکاری وەك ((فرانسیس باکۆن)) جیهانێکی تازە بوو، ئەو هونەرمەندە بەڕەگەز ئێرلەندییەو لە ئینگیلتەرە ناوبانگی دەرکرد، لە زۆربەی تابلۆکانیدا بە هەستێکی ناسك و مرۆڤدۆستانە باس لەو هەموو ئازار و دڵرەقییە دەکات کە دووچاری مرۆڤ و ئاژەڵە کوژراوو سەربڕاوەکان دێت . تابلۆ زۆرەکانی ئەو هونەرمەندە چیرۆکی ((لەخاچدانی عیسا پێغەمبەر))

دەگێڕێتەوە کە ئەوە دەردەخات مرۆڤ چەندە دوژمن بە براگەلی خۆیەتی و چەندە دڕندانە دەیکوژێ ..
پاشان تابلۆکانی قسە لەسەر دلڕەقی مرۆڤ دەکا کە چۆن کوشتارگای گەورە بۆ ملیۆنەها مەل و ماسی و حەیوان دروست دەکاو بە هەقی خۆیشی دەزانێت . (باکۆن) هەست و نەستی خۆی لەو تابلۆیانەدا دەربڕیوە کە تیایدا ڕەسمی دەیەها گیانلەبەری کردووە بەرلەوەی سەربڕێن . باکۆن وێنەی ئەو هەموو حەیوانانەی دەکێشا کەبەر لە کوشتن و سەربڕین دەترسێن و زەندەقیان دەچێ، چونکە ئەویش بڕوای وابوو کە ئاژەڵەکان زۆر چاك هەست دەکەن و دەزانن دوای تۆزێکی دیکە چی دەقەومێت .. بەواتا سەردەبڕێن . لەو وێنە ترسناك و زەندەق بردووانەدا تێدەگەین ئەو چەندە مرۆڤ دۆست و ئاژەڵ دۆست بووە و ئەو دیدگا خوێنینەی (باکۆن) وای کردووە بە هونەرمەندێکی ڕەشبین ناوزەد بکرێت، دیارە وەك پیشەش بۆ ماوەیەك لە قەسابخانەیەکدا کاری کردووە، هەر لەبەر ئەوە زۆر لە گوینە کە کۆی ئەزموونی تاڵی خۆی بێ کە لە تابلۆکانیدا بەرجەستە بووە . بە من ترسناکترین شت لە تابلۆکانی ئەودا ملی درێژی ئەو ئاژەڵانەیە کە چاویان بەستراوەتەوە ، ملە درێژەکانی حەیوانەکان بۆ من ترسناکە چونکە درێژی و قورسی ئازارێکە کە حەیوان بەدەست ئێمەوە دەیچێژێت، درێژی ملەکان هەوڵی هەناسەیەکی درێژە، هەناسەی ژیان کە نایەوێ زوو بێتە دەرەوە . چاو بەستنەوەی گیانلەبەرەکان بۆ ئەوە نییە کە بەزەییمان بەو ئاژەڵانەدا دێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بە مەترسی مەرگ یان نزیکبوونەوەی مەرگ دەزانن و ناتوانن لەبەردەستمان ڕابکەن، من ئەو ملیۆنەها دیل و بەندکراوانەم دێتەوە یاد کە بەر لە سێدارە دان و گوللە باران کردن چاویان دەبەستنەوە، چەندە ئاسانە بڕوا هێنان بەوەی کە حەیوان و فڕندە چەقۆیان لەسەرە و قابیلی ئەوەن ببن بە قوربانی، هەر هەمان بڕوا وای کردووە مرۆڤ بڕوای بەوە بێنێ کە دەکرێ براگەلی خۆی بکات بە قوربانی، گەرخەڵکی بۆ کوشتنی ئەو ملیۆنەها، بلیۆنەها مەل و ماسی و حەیوانە غەمگین بوونایە و هەستیان بە گوناه بکردایە ، هەڵبەتە لەبەرامبەر کوشتارگای مرۆڤدا هەڵوەستەیەکیان دەکرد .
من هەست دەکەم ( دڕندە ) م چونکە هێشتا جاروبار گۆشت دەخۆم . دەزانم تۆ لەمەوبەر قسەی وات بیستووە و دەخەنیتەوە، بەڵام گەر یەکێك لە من و تۆ مەڕ یان بزن بووینایە ئەوسا دەمانزانی ئازاری سەربڕین چەندە قورسە، خۆ لەوانەشە ڕۆژێك لە ڕۆژان من یان تۆ ببینبە قوربانی، ئەوسا باشتر لەوە دەگەین کە چەندە قورسە بوون بە قوربانی . تا کوشتارگای ئاژەڵان وابێ بەزەییانە پڕ بێ لە مەڕ و بزنی سەبڕاو کوشتارگەی مرۆڤیش بەردەوامە . بڕواهێنان بە کوشتنی چۆلەکەیەك ڕێ بۆ کوشتنی ڕەوەیەك چۆلەکە خۆش دەکا .. پاشانیش ڕەوەیەك مرۆڤ .. کەی لەگەڵ مەڕ و مەل و ماسیدا ئاشت بووینەوە .. ئەوسا دەکرێ لەگەڵ یەکدیشدا ئاشت ببینەوە .

ئابی 2005